# چەکوچی کۆمەڵگای مەدەنی !

کەیهان عەزیز

**کۆمەڵگایەك کەلەسەر دەست دەڕوات، پێویستی بەدەستێکە تابیخاتەوەسەر پیێ! (کارل مارکس)**

چاوەڕێ بووم، ووتاری "کۆمەڵگای مەدەنی یا مێگەلی کانی گۆران "، دەروازەی دیالۆکی نێوان کەسانی خاوەن نەزەرو، چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا داڕووخاوەکەمان بێ، بۆیە ئەوکۆمەڵە پرسیارە ڕاستەوخۆوجددیانەم وورووژاندبوو.

هەروەك پێشبینیم دەکرد، کەسانێکی خاوەن لۆژیك و قەڵەمبەدەست. تەنانەت قەڵەم وەشێنە حییز بی وغەیرە حیزبیەکانیش، پرسیارەکانمیان لەدووتوێی دیالۆکێکی جدی، فەلسەڤی وزانستیدا وەرگرتبا !.

چاوەڕێ بووم، بەوەڵامی ڕەخنەوپرسیارەکانم تەلاری دیالۆکێکی ئەنجام نەدراو ڕۆبنێم!.

کوان ئەوانەی لە باسی کۆمەڵگای مەدەنیدا، سالآنێکەقیڕەیانە؟! ئایا کۆمەڵگای مەدەنی بەوزمانەلوکەییە دەستەدووە فەلسەفیەی بەختیارعەلی ڕۆدەنرێ ؟ئایاپرسیارە ئەزخودسانسۆرکراوەکانی ئەوگروپە، والە سەرانی فۆلکلۆری کورددەکا، گوێیەکی شنەوا بن لەئاستیانداو مامەڵەی لەتەك بکەن ؟؟! ئایا ئەو گرووپە کەوا باوە بەزمانی فەلسەڤی دەپەیڤن، فەلسەفەو لۆژیکی فەلسەفەوڕەخنەکانیان، لەپێناوی ڕۆنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیدایە؟ ئایا کۆمەڵگای مەدەنی بەوزمان وڕەخنە دەستەدووانە دێتەدی؟ئایائەوپرسیارانەی کە عبدالکریم سروش ئاڕاستەی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانی کردبوو، لەڕەخنەوپرسیارەتاساوەکانی ئێوە کە ئاڕاستەی پارتی وینکی دەکەن کاراتروبوێرانەتر نین؟ ئایا ئوێدی ئەوە هەیە لەسایەی ئەم زمانە فەلسەفیە دەستی دووەدا، سەدەیەکی دیکە ش، خەڵك چاوی بە کۆمەڵگای مەدەنی بکەوێت ؟ ئایا دەسەڵاتدارانی کورد، بەووتارو ڕەخنەوپرسیارەدەستەمۆکراوە فەلسەفیەکانتان، بزەی فەلسەفیانە نایانگرێت؟؟لەکۆمەڵگایەکی کەلاوەئاسا، کەسەرتاپای پێویستی بەدروست کردنەوەبێت!، نابێت ووتاروڕەخنەوپرسیارەفەلسەفیەکان لە دەمی دەسەڵاتداران گیربکرێت؟؟کۆمەڵگایەك کەتیایدا دەسەڵاتدارانی، جگەلەزمانی گوللەوتیروروچاوسوورکردنەوەولۆمپەن ناردنەسەرخەڵکانی ئازادیخوازی ڕەخنەگر، زمانێکی دیکە ی دیالۆك نەزانن، ئەو زمانە ڕەخنەیی وفەلسەفیەدەستەمۆکراوەی ئێوەبەدەردی دەخوات؟؟ ئایا ئێوە بەو مەبەستەی سانسۆرنەکرێن، سانسۆری خوتان دەکەن ؟؟، گەرنا، چما ئێوەوڕەخنەکانتان، لەکۆمەڵگاسانسۆرکراوەکەماندا سانسۆرناکرێن؟؟.

## کۆمەڵگای مەدەنی وفولکس واگن!

بەدوای بلآوبونەوەی ووتاری "کۆمەڵگای مەدەنی یا مێگەلی کانی گۆران"، چاوەڕێ بووم، گەر ڕەشبینی یان هەڵەیەیەکی تێدابووبێت، بەووتار یا بەناردنی هەڕەشەئیمایلێك کەچەکوچێك یان چەقۆیەك لەئەتەچمەنتەکەیدا بووبێت، وەڵام بدرێمەوە!.

نەمزانی!لەبری دیالۆك، بەچەکوچ وەڵام دەدرێمەوە!. پێدەچێ ئەوشۆڕەسوارەی، ئەوچەکوچەی وەشاندووە، خۆی لێبووبێتە کاوەی ئاسنگەرومنیش بەزوهاك !وەلێ سەیرەکەی لەوەدایە ئادرەسی زوهاکی هەڵەکردبوو، بۆیەلەبری زوهاك، شووشەی فولکس واگنێکی ئاڵمانی (نەك بەرازیلی) هووردوخاش کردبوو!.

شکانی شووشەی ماشینەکەم بەچەکوچێکی شۆڕشگێڕانە، دروستی ووتارەکەم و، سەرابی کۆمەڵگای مەدەنی سەلماند!. یا پێدەچێ کەسانێك ترسی بلآوبوونەوەی لیستی پێشمەرگەسیخوڕەکانی بەعس نیگەرانی کردبن، هەربۆیە بەچەکوچی کۆمەڵگای مەدەنی وەڵامیان دامەوە!!.

Denbosch
16-08-2003

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.